# جێندەر ڕێبازێکە بۆ کەمکردنەوەو دواجاریش نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی نێوان ئافرەت و پیاو

ئەرك و مافەکانی تاك لە کۆمەڵگەدا ئەوکات یەکسان دەبێت کە لەگۆشەنیگای یەکسانیخوازییەوە بڕواندرێتە توانا و وزەی جەستەیی هەردوو ڕەگەز، نەك بەلاواز سەیرکردنی ڕەگەزی مێ و بەلاواز بینینمان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان. لەسەرجەم دامەزراوەکاندا تا هەنوکە ئەو خوێندنەوە هەڵەیە دەکرێت بۆ ڕەگەزی مێ کە گوایە ناتوانێ وەك پێویست هەڵگری بەرپرسیارەتییەکان بێت.

ئەگەرچی ڕەگەزی نێر لەوپەڕی لاوازیشدا بێت ناتوانێت دان بەوەدا بنێت. لێرەدا چەمکی جێندەر و کارپێکردنی وەك زەرورەتی ئێستای کۆمەڵگەی دەبێت وەك ئەجێندایەك بێت بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ڕۆڵی هەردوو ڕەگەز لە کۆمەڵگە و یەکسانکردنی ماف و ئەرکەکانیان و یەکسانکردنی دەسەڵاتەکان. ئینجا بۆ ئاشنابوونمان بەم چەمکە و زانینی ماناکەی لە ڕووی تیۆرییەوە، بەپێویستمان زانی تیشکێك بخەینە سەر ئەو چەمکە.



له رووی مێژووییەوه سـەرهەڵدانی چەمکی (جێندەر) دەگەڕێتەوه بۆ سەرەتای هەشتاکانەوه، بەڵام له رووی کارپێکردن و دانپێدانانییەوه لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوه بۆ ساڵی (١٩٩٤) کە له (کۆنگرەی دانیشـتوان)ی وڵاتی میسر، دواتریش له سـاڵی (١٩٩٥) لـه بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکانـداو لـه فۆرمێکی فەرمیدا وەکو زاراوەیەکی نێونەتەوەیی ناسێنرا.

هـەروەك بەڕێز (ئـاری رەفیـق) بەڕێوەبەر لـه بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی بەدواداچوونـی توندوتیـژی دژ بە ئافرەتان لـه وەزارەتی ناوخۆ بەمجـۆرە ئاماژە بە چەمکی (جێندەر )دەکات و دەڵێ: بەرلەوەی باس لە ئیشـکردن بەم چەمکە بکەیـن لە دامەزراوە سیاسـی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، پێویسـتە بوترێت کە حاڵی حازر لە هەرێمی کوردستاندا دوو ئاراستەو تێڕوانینی جیاواز لەسەر ئاستی گشتی و لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی سـەریانهەڵداوە، ئاراسـتەیەك پێیوایە (جێندەر) خۆی لە یەکسانبوونی رەگەزی (پیاو و ئافرەت) لە (ماف و ئەرك و دابەشـکردنی کارو رۆڵ)ی هەردوو رەگـەزدا دەبینێتەوە، هەر لە دامەزراوەی خێزانەوە وەك (بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی)، تادەگاتـە پراکتیزەکردنـی ماناکانی چەمکی (جێندەر) لەسـەر ئاسـتی کەرتی گشتی واتا (دامەزراوەکانی حکومەت)و کەرتی تایبەت واتا (دەزگاو ئۆرگانە مەدەنی و کۆمپانیاو دامەزراوە ناحکومییەکان) .

ئاراستەی دووەمی تێڕوانینەکەش واشیکردنەوە بۆ چەمکی (جێنـدەر) دەکات کە (جێندەر) بەر لـە هەر مانایەك بەمانای نەهێشـتنی جیاوازیە بایۆلۆژیەکانی نێـوان (ئافرەت و پیاو)دێت، ئەو تێڕوانینە پێیوایە (جێنـدەر) مانایەك ناهێڵێتەوە بۆ پرۆسـەی هاوسەرگیری (شـەرعیانە)، بەو مانایـەی (جێنـدەر) زەمینـە خۆشـدەکات تا پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان (پیاو و ئافرەت) وە بگۆڕدرێ بۆ هاوسـەرگیری لەنێوان (ئافرەت و ئافـرەت) هەروەها لەنێوان (پیاو لەگەڵ پیاو)، جگـە لەمانـەش کاڵکردنەوەی رۆڵـی (باوك) لەخێزانـدا لەچوارچێـوەی مانـای جێنـدەردا شیکردنەوەی بۆ دەکەن.

ئێستا لە سەرئاسـتی کۆمەڵگەکانی وڵاتانی ئەسـکەندنافی و ئەورووپـا بە گشـتی هەم بە شێوەی تیۆری و هەم بەشـێوەی پراکتیکی کار لەسەر چەسپاندنی زاراوەی (جێندەر ئیکوالیتی) دەکـرێ، بەڵام ئەوەی لە ئێسـتای کۆمەڵگەی کوردیدا هەسـتی پێدەکرێ جێگـەی داخە مانا سرووشـتیەکەی (جێنـدەر) وەکو خـۆی روون نەکراوەتەوە، جگە لەوەی لەفۆرمی (پراکتیکیدا) تاکو ئێسـتا نەتوانراوە بە سیسـتماتیکی لەسەر ئاستی کۆی دامەزراوەکان پلانڕێژی بۆبکرێ.

لە فۆرمی (تیۆریشـدا) ئاری رەفیق دەڵێ: نەتوانـراوە توێژینەوەی زانسـتی زۆر باشـمان هەبێ و لەپاڵ ئەو ئیشکالیەتەشـدا کەسانێك لە کوردستاندا شرۆڤەی ناوەڕۆکی ئەو چەمکە دەکەن وەك پێویسـت نەیانتوانیوە پایـە بنچینەییەکانی چەمکـی (جێنـدەر) وەکو خۆی شـیبکەنەوە، لەلایەکی تریشەوە جێگەی نیگەرانییەکی گەورەیە نایەکسانییەکی بێسنوور لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ هەردوو رەگەزی (نێر و مێ) دەکرێت، ئەو نایەکسـانییە جێندەرییە لە دامەزراوەی خێزانەوە بگرە تادەگاتە قوتابخانەو دامەزراوە حکومییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە میدیاییەکان ریشەیەکی مێژوویی قوڵی داکوتاوە، هەرلە شێوازی مامەڵەکردنی کوڕوکچ لە خێزانداو فەرزکردنی منداڵێکی (کوڕ) بەسـەر منداڵێکی (کـچ)و ئازادکردنی کوڕ لە دەستنیشـانکردنی هاوسـەر و پرس پێنەکردنی باوك بە کچەکەی لە دەستنیشـانکردنی مێرد و تادەگاتە دابەشکردنی نایەکسـانییانەی پۆسـتە ئیداری و حزبیەکان.

ئەوەتا تا ئێسـتاش لەسەر ئاستی کەسانی نوخبە زۆرینەی پیاوان پێیان هەزم ناکرێ لەژێر دەستی ژنە سەرنووسـەرێکی بەتواناو لە دامەزراوەیەکی ئیعلامیـدا، لەژێردەسـتی ژنـە بەڕێوەبەرێکی بەتوانادا لەرێکخراوێکی مەدەنیدا، لەژێردەسـتی ژنە بەڕێوەبەرێکـی بەتواناو لە فەرمانگەیەکی حکومیـدا ئیـش بکـەن، ئەوانە بەشـێکن لەو ئیشکالیەتانەی کە بوونەتە فاکتەری پاشەکشەی ئافرەتانی بەتوانا تا ئاستی (بێئومێدی).

ئەگەرچـی سـاڵانێکە لەلایـەن حکومەتی هەرێمـی کوردسـتانەوە چەندیـن گۆڕانکاری گرنگ لە یاسـاکاندا کـراوەو چەندین بڕیاری گرنگ دراوە بە ئامانجی راگرتنی (هاوسەنگی جێندەری) لە دامەزراوەکاندا، بەجۆرێك بەشـی زۆری ئـەو گۆڕانـکاری و بڕیارانە گۆڕانی مێژوویـی و زۆرباش رەنگیـان داوەتەوە لەژیانی کۆمەڵایەتیمانـدا، بەڵام لەبەرئەوەی کێشـەکە کێشەیەکی (کولتووری، پەروەردەیی، مێژوویی) یە، پێویسـتمان بە پراکتیککردنی دروشـمەکان و هاتنەمەیدانـی ئۆرگانـە مەدەنییـەکان و دەسـتپێکردنی هەڵمەتی میدیایـی هەیە کە تا ئێستا جێگەی داخە لەئاستی پێویستدا نایبینین.

جیـاوازی رەگەزی لـە کۆمەڵگەی کوردیدا بوونـی هەیە، ناکرێت نکۆڵی لەمە بکرێت، ئەمە بۆچوونی خاتوو (فریشتە جەلال رشید) چالاکوان لەبواری سیاسـی جڤاکـی ئافرەتانـدا دەڵێت: رەگەزی نێر ئەوەی پەسـەند نییە لێپرسراوەکەی رەگەزی مێ بێت، ئەگەرچی لەتوانای کارکردندا لەو لەپێشـتر بێت، لەلایەکی دیکەوە ئەمە بۆتە بەشێك لەکولتوور و ناتوانرێت بەئاسانی ریشەکێش بکـرێ، چونکە زۆرجار خـودی رەگەزی مێ خۆی وەك تاکێکی شایستەی کار پیشان نادات. ئەم چۆنیەتـی بیرکردنەوەیە دەبێت لەسـەرجەم سیستمەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا بکرێت، ئەرك و رۆڵـی هەردوو رەگەز وەك یەك سـەیر بکرێن. هاوکات کارکردن لەناو رێکخراوەکانی ئافرەتاندا بەو جۆرە بێت هەوڵبدەن جیاوازی رەگەزی نەهێڵدرێت نەوەك بیکەنە سـەنگەرێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی رەگەزی نێر. نەهێشـتنی جیـاوازی رەگەزی بـەو مانایەی هـەردوو تاك یەکسـان بن، نەك دەسەڵاتی پیاوسالاری یاخود ژنسالاری زاڵ بێت لەئەرکەکاندا، بەڵکو دەسەڵاتێك بەرجەستەبێت کە یەکسـانی بەرجەستە بکات لەپێناو خزمەتکردنی یەکتردا. بەدیوەکەی تریشدا دەتوانین بڵێین رۆڵی رێکخراوەکانی ئافرەتانیش هێندە بەرچاو نەبووە بۆ لاوازکردن یـان بنبڕکردنی ئەو چەمکە(جێندەر) وەك پرسـێکی نەخـوازراو، ئەویـش بەهـۆی دابەشبوونی کاری رێکخراوەکانی ئافرەتان بەسەر ئایدۆلۆژیای جیاجیادا بەئاراستەی فیکری و سیاسـی و ئایینی، یاخود نەریتـی کارەکان بەڕێ دەخـەن. ئەمـەش وادەکات بیرکردنەوە و تێڕوانینی چالاکڤانەکانی رێکخراوەکانی ئافرەتان لەکوردسـتاندا کە دابەش بوون بەسـەر حزب و ئاییندا هەمان تێڕوانین و بیرکردنەوە بێت کە بەهاو پیرۆزی زیاتر بە رەگەزی نێر دەبەخشێت تا ئەوەی رەگوریشەی ئەم جیاوازییە بەردەوام بمێنێتەوە.

سـەبارەت بـە بوونـی ئـەم چەمکـە و خوێندنەوەیـەك بۆ چەمکی جێنـدەر (بەختیار) توێـژەری کۆمەڵایەتی دەڵێـت: دەتوانین بڵێین چەمکی جێندەر ئـەو چەمکەیە کە پتر دەرگیرە لەگـەڵ پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو لەسـەر ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتووری. لەو جیاوازیانە دەکۆڵێتەوە کە کۆمەڵگەکان لە رووی کۆمەڵاتی و کولتوورییـەوە بە هـەردوو رەگەزی نێرو مێی دەبەخشـێت، نەك سرووشـتی پێکهاتەو توانای جەسـتەیی و دەروونی و تایبەتمەندییە سرووشتی و بایۆلۆژییەکانـی خۆیان. هەر ئەمەش وادەکات کە جیـاوازی جێندەری لە هـەر کۆمەڵگەیەدا جیاواز بێت لەسەر ئاستی دەرکەوتەو گرفتەکانی، بەپێی جیاوازی کولتووری ئاسـتی رۆشـنبیری کۆمەڵگەکانی دیکە. دەتوانین بڵێین ئەم چەمکە تەنیا لە گرفـت و کێشـەکانی ژن ناکۆڵێتەوە، بەڵکـو بەهەمـان ئەندازە کار لەسـەر گرفت و کێشەکانی پیاوانیش دەکات. لەبەرئەوە لەبنەمادا لەهەوڵی نەهێشـتنی ئەو جیاوازییە جێندەریانەیە کە دابونەریت و کولتورێکی تایبەت دیسەپێنێت بەسـەریادا. گەر لەم گۆشـەنیگایەوە سەیری کۆمەڵگـەی خۆمـان بکەین دەبینیـن خاوەن گرفتگەلێکی زۆرین لەم بوارەدا. سـەرباری ئەو گۆڕانکاری و پێشـکەوتنانەی کە کۆمەڵگەی کوردی بەخۆیەوە بینیویەتی، بەڵام تا ئێسـتاش جیاوازی جێندەری زۆر بەروونی لەسـەر ئاستی خێزان، کار و پیشە، تەنانەت دامەزراوەکانی دیکەش بە دیدەکەین. بە بـڕوای من یەکێك لە رێگەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەم جیاوازییە لە سیسـتەمی پـەروەردەو خێزانەوە دەسـتپێدەکات بەوپێیەی کە دوو دامەزراوەی بەرپـرس و کاریگەرن، هەروەها تاکەکانی کۆمەڵگەش زۆرترین کاتەکانی خۆیان لەم دوو دامەزراوەیەدا بەسەر دەبەن.


فریشتە جەلال رشید


ئاری رەفیق


بەختیار



# (دڵشاد) لەبەر دەم دادگادا بەناچارەکیی دانی بەهەموو تاوانەکانی خۆی نا تلیاک کێشان و بەسەر تاوانەوەگرتن

ئێوارە بوو کە دڵشـــاد و هاوڕێکانی دانیشـــتبوون و سەرگەرمی کێشـــانی تلیاك بوون. دووان لە هاوڕێکانی کە تازە هاتبوونە نێو ئەم کۆڕەوە ئەوان پێیان دەگووتن نێچیرە قەڵەوەکان، چونکە لەســـەرێکەوە تازەیان فێرە ئەم خووە کردبوون و لەســـەرێکی تریشەوە کوڕە دەوڵەمەند بوون و باکیان بە پارە خەرجکردن نەبوو. ئەســـڵەن هەر پێیان عەیب بوو باســـی پارەش بکەن. ئەوان لە لەزەت و خۆشی و مەست دەگەڕان، گرنگ نییە پارەی زۆری گەرەکە یان کەم. هەموو جارێ کە مەســـت دەبوون و باس باســـی پارە دەهاتە گۆڕێ دەیانگووت: کورە خۆ ئارەقەمان بەو پارەیە نەکردووە هەتـــا خەفەتـــی پێبخۆین، لەکێ دێ یان نایە، ئەوە هەر گرنگ نییە، ئەدی دنیا بۆ دنیا نییە، هەر یەکجار دێییە ســـەر دنیا ئێ نابێ ئەویش بەخۆشی ببەینە سەر.

دڵشاد کە سەردەستەی گروپێکی چوار کەسی بوو، لەڕێی کوردێکی تازە گەڕاوەوە، دوای دوو ســـێ مانگ برادەرایەتی فێری کێشـــانی بەنگەمەنی، بەتایبەتیش تلیاك ببوو. پاشان کەوتبووە ناو تۆڕێکەوە فێرببوو کە کڕین و فرۆشتنیشـــی پێبکات. ئەویش توانیبووی چەند کـــوڕە دەوڵەمەندێك بەم دەردە ئاڵـــودە بکات. لەمە هەم قازانجێکی باشـــی دەکرد هەمیش خۆی بەبێ پارە و خەرجییەکی ئەوتۆوە بە باشـــترین جۆری تلیاك سەرگەرم دەکرد. دڵشاد و برادەرەکانی دەمێك بوو خرابوونە ژێر چاودێرییەکی چڕو پڕی دەزگاکانی ئاسایشـــەوە، بەبێ ئەوەی بەخۆیانیش بزانن. ئەوان لەبیری ئەوەدابوون بازرگانێتییەکەیـــان باشـــتر و کاریکەرتر بەڕێوەببەن و بازنـــەی کارەکانیان فراوانتر بکەن. دلشـــاد پێشـــتر مامەڵەی لەگەڵ کابرایەکی بەئەزموون هەبوو، ئیشەکانی بە وریایی و زیرەکانە رادەپەڕاند. بۆیە دەمێك بـــوو خەریکی ئەم کارەبوو، کەچی نەببووە جێگەی گومانی هیچ کەسێکەوە، بۆیە تا گومانی لێکرابـــوو زۆری پێچوبوو، بەڵام کاریش لەکار نەترازابوو. ئەو ئێوارەیە برادەرە دەوڵەمەندەکانـــی یەکێکـــی دیکەی تازە ئاڵودەکراوی وەکوخۆیان دەوڵەمەند هێنابوو. ئەویـــش یەکێکی دیکـــەی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە گوایە جێی بڕواو متمانەیان بوو، گوایە تازە فێرکرابوو. دانیشتن خەریکی خۆ سەر گەرمکردن بوون، کەرەستە و تەدارەکی دانیشتنەکە ســـاز و ئامادەکرا، وردە وردە دەستکرا بەکێشانی تلیاك، ئینجا یەکە یەکە مەست دەبوون. لەناو خۆشی مەستبوون و ســـەرخۆش بوون دابوون، لەپڕ ســـێ چوار زەلامـــی دەمامکدرای بەخۆ و بە چەکەوە لێیان بەژوور کەوتن لوولەی تفەنگەکانیان لەسەر ســـەریان دانان. پاشان سەردەستەی چەکدارەکان هاتە ژوورەوە و فەرمانیدا کە هەموویان بە کەرەســـتەو ئەسبابی تاوانەوە دەستگیر بکرێن.

### دوای لێکۆڵینەوە ودانان لەبەردەم دادگادا

پاش ئەوەی بـــەو حاڵەوە و بە تەواوی بەڵگەوە دەگیرێن، ئینجا رادەستی دادگای لێکۆلینەوە دەکرێن. دلشـــاد و جەماعەت پـــاش دوو رۆژ ئەوجا بەئاگا دێن دەزانن کە چیان بەســـەر هاتووە و کەتوونەتە چ چاڵێکـــەوە. دادگا لێکۆڵینەوەی چڕ و پڕ لەگەڵیان دەکات و پاش ســـێ مانگ لێکۆلینەوەی بەردەوام و دەستگیرکردنی کەسانی دیکەش، ئینجا رەوانەی دادگای تایبەتمەنـــد کران بـــۆ دادگاییکردنیان. دڵشاد کە لەوپەڕی بێئومێدی و رووخان و حاڵەتی پەشـــیمانی دابـــوو، بڕیاری خۆی دابوو کە هەمووشـــتێك ئاشـــکرا بکات..دانیشتنەکانی دادگا دەستیپێکرد و دادگاییکردنـــەکان درێژەی کێشـــا تا نۆرە گەیشـــتە دڵشاد کە وتەکانی خۆی بڵێ ســـەبارەت بە تاوانەکەی، دڵشادیش داوی لـــە دادگا کرد کە ڕێگەی پێبدەن تاوانەکـــەی بەتەواوەتـــی و ســـەرلەبەر بگێڕێتـــەوە، ئەوانیش ئزنیان دا، دڵشـــاد دەســـتی بـــە گێڕانەوەی بەســـەرهاتی تووشـــبوونی بە تلیاك کێشانەوە بەمجۆرە بـــۆ دادگا گێڕایەوە و وتـــی: جەنابی حاکم، دان بەتاوانـــی خۆمدادەنێم، بەڵام بەخوا جەنابی حاکم ئەگەر بەســـەرێکەوە خەتای خۆم بووبێت، بەسەرێکی تریشەوە بـــرادەری خراپ و نەبوونیـــی و باوکی خراپیش خراپیان تێوەگلاندم. باوکێکی تا



بڵێی دڵڕەق و زاڵمم هەبوو، هەتا هەرزەکار بووم هەر زوو لە قوتابخانە دەریهێنام و خستمییە بەر کارکردنەوە، شەو و ڕۆژ هەر خەریکی کارکردن بووم و هەمیشەش گیرفانم بەتاڵ بوو، حەسرەتم هەموو شتێك بوو. چەند جارێکیش کە لێم تووڕە دەبوو، دەریدەکردم. ئاخر جار کە دەریکردم، بەیەکجاری لەماڵ چوومە دەرەوە و نەگەڕامەوە ماڵ ئیتر..پاشان زۆر بێ پارەو کار بووم لە ئوتێلێکی هەرزان دەژیام، لەوێ بە ڕێککەوت برادەرایەتیم لەگەڵ کوڕێك دروست بوو، پاش ئەوەی باسی حاڵ و باری یەکجار خراپی خۆمم بۆی کرد، ئەو کوڕە باری دارایی باش بوو، بەڵام نەمدەزانی لەو ئوتێلە خراپە چیدەکرد، زۆر بیرم لەوە دەکردەوە، بەڵام بۆم حەل نەدەکرا. دواجار وتم: دەی من چ کارم بەوەوە هەیە. ئەو کوڕە زۆر یارمەتی دەدام و هاوکاری دەکردم. تا ڕۆژێك نازانم بە ڕێککەوت بوو، یان خۆی ڕێکیخستبوو، بەکەسێکی ناساندم. ئیتر ئەویش کەزانی زۆر موحتاج و بێ کارو کاسبیم، لێم نزیکبۆوە و خۆی وەکو برای نیشاندەدام.

جار جارەش داوەتی خواردنەوەی دەکردم، پاشان دوکەڵکێشێکی دەهێنا و ماددەیەکی وەکو قیرِ لەسەر ئاگر دەسووتاند و دوکوڵەکەی هەڵدەمژی. ئینجا دایە منیش کە دوکەڵەکەی هەڵمژم، منیش لەبەر خاتر ئەو وامکرد..سەرەتا دوکەڵێکی ناخۆش بوو، بەڵام دواتر هەستم کرد کە لەزەتێکی خۆش بەلەشم دادەگەڕێ..ئەو دانیشتنانەمان دووبارە و چەند بارە بۆوە و دواجار وەکو بەرنامەی لێهات. پاش یەك دوو مانگ دوای ئەوەی خەڵکی دیکەشی پێناساندم، ئەوجا کەوتمە ناو کارەکە و پارەم لێی دەسکەوت..زۆرم بێ پارەیی و نەبوونی دیتبوو، دامنابوو بڕە پارەیەکی باشی لێ وەدەست بێنم ئینجا لێیدەم بڕۆمە ئەورووپا. بەڵام ئەورووپای چی ئەوە هەر خەیاڵێکی پڵاو بوو بەس.. بیرم لەو چارەنووسە ڕەشەی ئەمڕۆم نەدەکردەوە. دان بەهەڵە و تاوانی خۆم دادەنێم و چارەنووسیشم هەر چی بێت پێی رازیم، داواشم لە دادگا هەر ئەوەندەیە کەسی تاوانباری ڕاستەقینە لەم داوایە لە سزای عادیلانە ڕزگاری نەبێ.

## دادگا حوکمی (١٠) ساڵ زیندانی بۆ بڕیەوە

تۆمەتبارەکان کە شەش کەس بوون و هەر یەکەی بە ڕاددەیەك لە کارەکەوە گلابوون، دادگایی کردنیان نێزیکی سێ مانگی خایاند..پاش وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی تەواو لە دۆسییەکە، دواجار دادگا بڕیاری دا بە زیندانیکردنی تۆمەتباری سەرەکی بە زیندانی هەتا هەتایی و دڵشادیش بە زیندانیکردنی بە (١٠)ساڵی ڕێك..کە دادگا حوکمەکەی بۆ خوێندنەوە، دڵشاد چاوی پڕ گریان بوو، دایکی کە لە دەرەوەی هۆڵی دادگا چاوەڕێی چارەنووسی کوڕەکەی دەکرد، هەر کە کوڕەکەیانی بەدەستی کەلەپچە و چاو بەگریان هێنایە دەرەوە، زانی شتێك قەوماوە، لەو پۆلیسەی پرسی کە باسکی دڵشادی گرتبوو ئەویش پێی گوت دایە کوڕەکەت دە ساڵان حوکمدرا، دایکی کە گوێی لە قسەی پۆلیسەکە بوو، پێش چاوی ڕەشکەوپێشکەی کرد و یەکسەر تەپەی لێوەهات و بەربۆوە. دڵشاد ویستی هەڵیبگرێتەوە، کەچی پۆلیسەکە نەیهێشت و ئەفسەرەکە بەتوندی لە پۆلیسەکەی خوڕی کە حوکمدراو ببەنە ناو ئۆتۆمبیلی بەندیخانە..



# بۆچی هاوسەرەکان ناپاکی لەیەک دەکەن ؟

**هاوسەریتی و پێکهێنانی خێزان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی یەکجار گرنگە، کە راستەوخۆ پێوەندی بەژیانی هەموو تاکێکەوە هەیە. ئەم پرۆسەیە لەشێوازی پێکهێنان و دامەزراندنیدا شێوازی جیاواز لەخۆی دەگرێت و کۆمەڵێك ئەرك و پابەندیی و ماف بۆ هەردوو لایەنی گرێبەستەکە کە ژن و مێردن دروستدەکات، کە ئەم جۆرە پێوەندییە جۆرێك لە پیرۆزی بەم پێ دەبەخشێت. یەکێك لەپابەندییەکانی ئەم پێوەندییەش ئەوەیە کە هەردوولا دەبێ تەنیا لەم چوارچێوەیەدا مافی سێکسیان پەراوە بکەن. بەڵام ئەوەی دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین ئەو ناپاکییە کە هەندێك لە هاوسەرەکان لەژێر هەرناوێك و بیانوێك بێت لەبەرامبەر یەکتردا بەئەنجامی دەگەیەنن. بۆچی هاوسەرەکان «ناپاکی هاوسەریی» دەکەن؟ لەنێوان ژن و پیاودا کامیان هۆکاری یەکەم و سەرەکی ئەم رەفتارەن؟ ئایا دەتوانین لەکۆمەڵگەی خۆماندا ئاماژە بە شتێك بەکەین بەناوی «ناپاکی هاوسەریی» و بوویێتە دیاردەیە؟ لەم رپۆرتاژەدا هەوڵدەدەین ئەم باسە بوروژێنین.**

زۆرجار ناپاکی هاوسەریتی بەوە لەقەڵەم دەدرێت گە گوایە تەنیا تێرکردنی ئارەزووی سێکسییە لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە زۆر رەفتاری تریش هەن کە نابەجێ و نادروستن، پێچەوانەی راستی و دڵسۆزی و وەفا و ئەمەك و پابەندبوون بە پیرۆزییەکانی خێزان و ژیانی ژن و مێردایەتییە، ئەوانەش بەلای هەندێکەوە دەکرێ بە ناپاکی دابنرێت، **هەر بۆیەشە کامیل ئەحمەد بەگ نووسەر و رووناکبیر،** مەودای جۆراوجۆری ناپاکیمان لەمبارەیەوە بۆ دیاریدەکات و لەو بڕوایە دایە کە ئەگەرچی ناپاکی هاوسەریتی کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و خێزانییە، بەڵام لە راستیشدا تەنیا بریتی نییە لە پێوەندی سێکسی لەدەرەوەی خێزان، بەڵکو لایەنی دیکە و ئاستی دیکەش دەگرێتەوە. ئەو مەوداکانی ئەو کێشەیەمان بەو جۆرە بۆ شیدەکاتەوە و دەڵێ: ناپاکی هاوسەری تەنیا بریتیی نییە لەناپاکی ئەخلاقی، بەڵکو هەندێ لایەنی دیکەیشی هەیە، بۆ نموونە ناپاکیکردن لەسەروەت و سامان و ماڵ و دارایی خێزان (کە مەبەستم دزی کردنە لەناو ماڵ)، هەروەها نا راستگۆیی و درۆی جۆراوجۆر، خۆ رازاندنەوە بۆ کەسێکی دیکە جگەلە هاوسەر، ئینجا دواجار ناپاکی یان خیانەتی ئەخلاقییە. چ هاوسەری پیاو لەهاوسەرە ژنەکەی بیکات، یان بە پێچەوانەوە. بۆ هەر کام لەو ناپاکیانە بەگوێرەی کات و شوێن و کەسایەتییەکان شێوازی تۆڵەسەندنەوە لەلایەنی خیانەت لێکراویش دەگۆڕێ، بۆ نموونە هەندێك لە هاوسەرەکان لێدان و کوشتن هەڵدەبژێرن و هەندێکیتر جیابوونەوە و تەڵاق. بەڵام ئەگەر دیقەت بدەین لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەزۆری لە ئاسیاو لە رۆژهەڵاتی ناویندا بەهۆی فاکتەری پیاوسالارییەوە ژن کەمتر توانا و دەسەڵاتی هەیە پەنا بباتە بەر شێوازی یەکەم، واتا لە لێدان و کوشتندا رۆڵی هەبێت. تەنانەت زۆرجار بۆ مەسەلەی جیابوونەوەش بەهۆی ئەوەی منداڵ لەناو هاوسەرە خائینەکەیدا بوونی هەیە رێگەی چاوپۆشییەکی ناچاری دەگرێتەبەر. لەم حاڵەتەدا ژن بەو هۆیەی کە دەکەوێتە نێو دۆخێکی دژوار و ناچارەکییەوە، تەنیا لەبەر



گوڵان
ژمارە (٧٨٩)
٢٠١٠/٧/١٢

سۆزی بۆ منداڵەکانی، لەبەر ڕەچاوکردنی دواڕۆژیان، قوربانی بەخۆی دەدات و بەدەستی خۆی مافەکانی خۆی دەسڕێتەوە، بەڵام ئیتر ئەو ژنە تا تەمەنێك دەبێ بەناخۆشی و ژیانی مەمرەو بژی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ژیان بەسەردەبات.

بەڵام ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە ئەوە تەنیا پیاو نییە ناپاکی هاوسەریتی لێدەوەشێتەوە، بەڵکو ئافرەتیش هەیە هەمان ڕەفتار دەکات. بەڵام ئایا پیاو تا چەند ئامادەیی ئەوەی تێدا دەبێت کە ئەو ناپاکییە لە ژنەکەی قبوڵ بکات، لەمبارەیەوە کامیل ئەحمەد بەگ دەڵێت: پیاوان بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی لەژیانی هاوسەریدا هەیانە لەسەر بچکوترین خیانەت ئامادەن لەژنەکانیان بدەن یان زۆر بەئازادانە ژنەکانیان بکوژن، کە ئەم کارانە جگە لەپەشیمانی بۆ بکەرەکەی چیتری لێ سەوز نابێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەڕای من ناپاکی هاوسەری یەکێك لەو ناپاکیانەیە کە بەخشینی ئەگەر مەحاڵ نەبێت کارێکی یەکجار سەختە و بەشێوازێکی ڕۆحانی و لەوپەڕی خۆڕاگری وانیەك بەلایەنی بەرامبەری بدات کە لەشەرمەزاریدا تۆبە لەوە بکات بەرامبەر بەو کردوویەتی، لێرەدا تەنیا مەگەر لێبوردن ڕۆڵی هەبێ لەسڕینەوەی ئەم ناپاکییە.

بێگومان دروستبوون و ئەنجامدانی هەموو کارێك هۆکارێك یاخود چەندین هۆکاری هەیە، لێرەدا «ناپاکی هاوسەریی»یش بەهەمان شێوە چەند هۆکارێکی کە دەبێتە پاڵنەر بۆ ئەوەی ژن یا مێرد کە ئەم ناپاکییە لە هاوسەرەکەی بکات. هەندێك لەو هۆیانە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتین، هەندێکیشیان دەروونین بۆ دەستنیشانکردنی زیاتری ئەم هۆکارانە خاتوو **تریفە محەمەد ئەحمەدی وەرگێڕ و نووسەر پێوایە کە:** نەبوونی پەروەردەیەکی ڕاست و دروستی خێزانی و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەریەك لە هاوسەرەکان، هاوکات نەبوونی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە و لە یەکحاڵیبوون و بەیەکەوە ژیانی پڕ لە تەبایی و هەروەها نەناسینی ڕاستەقینەی هەریەکێك لەهاوسەرەکان بۆ یەکدی، بەشێوەیەکی وەها کە ببێتە مایەی حساب بۆیەك کردن و گوێگرتن لەیەکدی، ئەمانە هۆکارە گشتییەکانی ئەم هەڵۆێستەن، کە هەندێ لە هاوسەرەکان دەیگرنەبەر. بەڵام سەبارەت بەوەی ئایا «ناپاکی هاوسەری» لە کۆمەڵگەی کوردیدا بۆتە دیاردە یاخود تەنیا حاڵەتە؟ خاتوو تریفە محەمەد ئاماژە بەوە دەکات کە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەمە وەکو دیاردەیەك دەرنەکەوتووە، بەڵکو لێرەولەوێ لەشێوەی ڕووداوی ڕاگوزار گوێبیستیان دەبین، بەڵام ئەگەر هاتوو بوو بەدیاردە، ئەوا پێویستە لەسەر هەرتاکێك بە وریاییەوە، مامەڵەی شیاو و ژیرانە بکات و هەنگاوی بوێرانە بنێت تاوەکو کۆمەڵگە بەتەواوی لەم دیاردە نەشیاوە دووربخاتەوە، ئەمەش بەگرتنەبەری ڕێگەی پەروەردەیی و دەروونی دەبێت.

بۆچی هاوسەرەکان پەنا بۆ ناپاکی هاوسەری دەبەن لەکاتێکدا ڕەنگە پێوەندیان لەرووی خێزانییەوە یا ئابوورییەوە باشیش بێت، ئایا هۆکاری سایکۆلۆژی ڕۆڵی هەیە لەم مەسەلەیەدا؟ **بۆ ئەم لایەنەوە د.سامان شێخ ئەنوەر پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان لە سلێمانی دەڵێ:** هۆکارەکان زۆرن و بەپێی کەسەکان دەگۆڕدرێن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە رووی دەروونییەوە ئەم چەند هۆکارە هاوبەشە. مرۆڤ بە شێوەیەکی غەریزی ئارەزووی تاقیکردنەوەی هەموو شتەکانی دەوروبەری دەکات و ئەم ڕەفتارەش هەر لە منداڵییەوە بەدی دەکرێت، هەندێکجار ئەم ڕەفتارە لە تەمەنی گەورەییدا و پاش هاوسەرگیری تاقیکردنەوەی بریتیی دەبێت لە تاقیکردنەوەی سێکسی ڕەگەزی بەرامبەر و ئیتر گرنگ نییە تاکی بەرامبەر کێیە، لەمجۆرەدا پێوەندییەکە کاتییە تەنیا لە رووی سێکسییەوەیە و پاش ئەنجامدانی زوو لە کزی دەکات و دەپچڕێت، ئەتوانین بڵێین ئەمجۆرە زۆر بڵاوە بە تایبەتی لە پیاواندا.

هۆکارێکی تر بریتییە لە گێڕانەوەی بەهای خود و دووبارە باوەڕ بەخۆ هێنانەوە، ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە پاش تەمەنی سی ساڵی زۆرە، کاتێك دەبێت کە زیاتر لە پێنج ساڵ بە سەر هاوسەرێتییەکەدا ڕەتبوووبێت، لەم کاتەدا پێوەندی نێوان هەندێك لە هاوسەرەکان روو لە کزی دەکات. لەم کاتەدا تاك ناپاکی دەکات بۆ ئەوەی لای خۆی بیسەلمێنێت کە هێشتا لە تەمەنی گەنجیدایەو تاکەکانی ڕەگەزی بەرامبەر مەیلی دەکەن و هەوڵی بۆ دەدەن، ئەمجۆرە لە ژناندا بڵاوترە، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی کاتییە. دیارە هۆکارێکی زۆر بڵاوی تر بریتییە لە تێر نەبوونی ئارەزووی سێکسی لە ژیانی هاوسەرێتیدا و ناپاکییەکە تەنیا بۆ ئەم مەبەستەیە.

نەبوونی یاخود نەمانی خۆشەویستی لە نێوان هاوسەرەکاندا هۆکارێکی دیکەیەو لەم کاتەدا یەکێك لە هاوسەرەکان پێوەندی خۆشەویستی دەبێت لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا، ئەمجۆرە لە ژناندا بڵاوە و پێوەندییەکە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت. هەندێکجار ناپاکی هاوسەری وەك شێوازێکی تۆڵە بەکاردەهێنرێت لەلایەن هاوسەرێکەوە پاش دەرکەوتنی ناپاکی لە هاوسەرەکەی تردا. بێگومان هۆکارەکان لەمانە زیاترن و چەندین هۆکاری تری ئابووری و کۆمەڵایەتی تریش دەگرێتەوە، بەڵام خاڵێکی گرنگ لەبیر نەکەین ئەویە کەوا ناپاکی هاوسەرێتی دەرئەنجامی لاوازبوون و هەڵوەشاندنەوەی پێوەندی هاوسەرییە نەوەك هۆکارێك بێت بۆ دارمانی خێزان و پێوەندی هاوسەری، بۆیە هیچ هاوسەرێك ناپاکی ناکات ئەگەر هات و ژیانی هاوسەرێتی جێگیر بوو.

ئایا زیاتر ژن یان پیاو ناپاکی هاوسەریی ئەنجام دەدات؟ هەمیشە ئەم پرسیارە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام هیچ ئامارێکی زانستی وردمان لەبەردەستدا نییە تا وەڵامی ئەم پرسیارە پەسەند بکات، هەربۆیە د.سامان ئەنوەر هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت: لە کوردستان هیچ ڕوپێوییەکی زانستی لە سەر ئەم بابەتە نەکراوە، بەڵام بەپێی ئامارەکانی جیهانی پیاوان دوو ئەوەندەی ژنان ناپاکی دەکەن. ئەگەر بە نموونەش وڵاتێکی وەك ئەمریکا وەرگرین، ئەوا ٪٢٩ پیاوان و ٪١٦ ی ژنانی خێزاندار جارێك یان زیاتر ناپاکی ئەنجام دەدەن لە ماوەی ژیانی هاوسەرییان.

مەرج نییە هەموو کاتێك لایەنی دەروونی خراپ بێت، بەڵکو هەندێجار ئەو کەسەی ناپاکی هاوسەری دەکات هەست بە سەرکەوتن و ئارامی دەکات هەرچەندە ئەم هەستە کاتییە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو هاوسەرانەی ناپاکی دەکەن هەمیشە لە بارێکی نائارامدا دەژین و هەستی پەشیمانی بێزاریان دەکات. بێگومان پچڕانی پێوەندی و تەڵاق لە دیارترین دەرئەنجامەکانییەتی ٪٣٦ حاڵەتی تەڵاق بەهۆی ناپاکی هاوسەرێتییەوە و خێراترین هۆکاریشە بۆ تەڵاق کە لەوانەیە لە ٢٤ کاتژمێردا پاش دەرکەوتنی ناپاکی ڕووبدات. هەندێ جار توندوتیژی و کوشتنی لێدەکەوێتەوە لە کۆمەڵگەی خۆماندا. بۆیە ناپاکی هاوسەری هیچ کاتێك چارەسەر نییە بۆ کێشەکانی ناو خێزان و ژیانی هاوسەرێتی.

نموونەی ناپاکی هاوسەریی لەنێوان ژن و پیاودا پێدەچێت ڕۆژانە بەر گوێمان بکەوێت و ببیستین، هەربۆیە لەکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا هەوڵماندا ئەو کەسانە بدوێنین کە بوونەتە قوربانی ئەم کردەوەیە یاخود خودی خۆیان بەم کارە هەڵساون، بەڵام بەپاساوی جۆراوجۆر و لەبەر هۆی جیاجیا ئامادە نەبوون بۆمان بدوێن، بۆیە گەیشتینە ئەو بڕوایە کە ئەگەر چی گوێگرتن لەوکەسانەی ئەو کارە دەکەن دەبنە نموونەیەك و ئەزموون بۆ کەسانی دیکە، بەڵام باسکردن لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەکان و دەستنیشانکردنی هۆکارەکان لەباسکردنی نموونەکان بایەخی زیاترە هەم بۆ خوێنەر و هەمیش بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە.

**کامیل ئەحمەد بەگ : ناپاکی هاوسەرێتی تەنها ناپاکە ئەخلاقی نییە**

**د. سامان شێخ ئەنوەر :ئەوانی ناپاکی دەکەن هەمیشە لەبارێکی نائارامیدان**

# گەنجی ئەمڕۆ بۆچی خولیای خوێندنەوە نییە؟

✿ گەنج پەیڤێکە گوزارشـــت لەقۆناغێکی بایۆلۆژی پڕ لە گەشە و وزە و توانا دێت، واتە چالاکترین و باشترین قۆناغی ژیانی مرۆڤ. بـــەم پێیە کاتێکـــە بەرزترین توانای جەســـتەیی و بیرکردنەوە دەبەخشێت. توانای گەنج توانایەکی سرووشتییەو لای هەموو گەنجێك، ئەوەی ئێســـتا لێرە و لەوێ بـــاس دەکرێت ئەوەیە کە گەنجی ئێســـتا پێوەندییەکـــی گەرم و گوڕی ئەوتۆی لەگـــەڵ خوێندنەوە نییـــە، خۆ ئەوەندە خولیای لاســـایی کردنەوەی مۆدیلاتە، ئەوەندە عەوداڵی خۆ رۆشـــنبیرکردن و کتێب خوێندنەوە نییە. بەم راپۆرتە ئەم باســـە بەســـەر دەکەینەوە. ✿



گەنجی پێش راپەڕین گەنجێك بوو هەمیشە سەرقاڵ و عەوداڵی خوێندنەوە و بەدەستهێنانی کتێب و سەرچاوەی جۆراوجۆری رۆشنبیری بووە. خولیایەکی راستەقینەی بۆ خوێندنەوە هەبوو، لەو رووەوە (غازی حەســەن) نووسەر و رۆژنامەنووس پێیوایە کە « گەنجی پێش راپەڕین خواست و ویستی جیاوازی هەبوو بە بەراورد لەگەڵ گەنجی ئێستادا، پێشتر بەشی هەرە زۆری گەنج بیری لەوە دەکردەوە زانیاری دەربارەی مێژووی کورد و فۆلکلۆر و ئەدەب و شیعر و چیرۆك بزانێت، هەروەها بە تام و عەشقەوە ئەم بابەتانەی دەخوێندەوە.. (غازی حەســەن) زیاتر درێــژەی دەداتێ و دەڵێ: بابەتی خوێندنەوەی ئەوکات دیاریکراو بوو، نەیدەتوانی بە ئاشــکرا بابەتی سیاسی بخوێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی بڵاوکراوەی حزبیش کەمبوو، هەروەهــا کتێب بە زمانی کوردیش کەمبوو. گەنجی ئەوکات خوێندنەوەی زیاتر و جددیتر بوو، هەروەها پێشتر کتێب بە زمانی شــیرینی کوردی زۆر کەم بوو، کە کتێبێکی کوردی بە دەســت دەکەوت، ئەوا بە عەشقەوە دەیخوێندەوە. ئاماژە بەوەش دەکات کە: پێش راپەڕین هیچ سەرچاوەیەکی تر نەبوو جگە لە کتێب بۆ خۆپێگەیاندن و وەرگرتنی زانیاری. ســەبارەت بە گەنجی ئێستاش دەڵێت: ئێستا ئاستی گەنجی کورد گۆڕاوە، ئەوەندە بە دوای شتی بێسوود و مۆدێرن و خاریجدا دەگەڕێت، ئەوەندە بەدوای خۆ رۆشنبیر کردندا ناگەڕێت. «ئێستا گەنج بچێتە هەر کۆمپانیایەك یەکەم مەرجــی وەرگرتنی دەبێت زمانی ئینگلیزی بزانێت، ئەمــەش وا دەکات کە گەنج ئەوەندە بیر لە فێربوونی زمانی ئینگلیزی نەکاتەوە، دواتریــش لەبەر ئەو هەمــوو زوڵمانەی کە لە رابردوودا لەلایــەن عەرەبەکانەوە لە کورد کراوە، ئەمــەش کاریگــەری هەیە بەســەر گەنجەکانەوە...لە دوا قسەکانیشیدا وتی «گەنجی پێش راپەڕین لە هەڵسوکەوت و رەوشتەوە باشتر بوون».

د.مەســعود حوســێن رەخنــەی توند لە گەنجی ئێســتا دەگــرێ و پێیوایە کــە گەنجی ئەمڕۆ ئەوەندەی ســەرقاڵی شتی بەکاربەر و کات کوشــتنە، ئەوەنــدە لــە خەمی خۆ رۆشــنبیر کردن نییە. ئەو بەم شــێوەیە رای خۆی دەربڕی و وتی: گەنجی ئێســتا لەبەر مۆبایل و ئینتەرنێت و چات و فەیســبووك کاتی ئەوەی نییە کتێب بخوێنێتەوە»، وتیشی «ئێســتا نەوەیەك پەیدابووە نازانێت دەستوور و دابونەریت چییە، بەراســتی نا رۆشنبیرن. هەروەها د.مەسعود حوسێن ئۆباڵی بەشێکی ئەو بەرپرســیارێتییە دەخاتــە ملی دایکان و بــاوکان و بەکەمتەرخەمیــان دەزانــێ و دەڵێ: دایك و باوکەکانی ئێســتا هەست بە بەرپرســیاریەتی ناکەن، تەنیــا نان دەدەن بە منداڵەکەیان و رەوانەی دەرەوەی دەکەن، واتە بە شــێوەیەکی دروســت پەروەردەییان ناکەن. بۆیە دەبینین نەوەیەکی زۆر خراپ بەرێوەیە، منداڵی ئێســتا پەروەردەی کۆڵان و گەرك وەردەگرێت، نازانێ رێزگرتن و بەرپرسیاری و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ئەرك و دابونەریت چییە. بۆیە لەســەر دایك و باوکان پێویستە ئاگاداری منداڵەکانیان بن و بە شــێوەیەکی زۆر زانستیانە و دروستتر و جوان پەروەردەیەیان بکەن، چونکە رۆژ دوای رۆژ نەوەیەکی زۆر تەمبەڵ دێتە کایە».

ســازان شــێرزاد-یش کە قوتابی زانکۆیە پێیوایە :ئێستا کچان ئاستی رۆشنبیریان زۆر لاوازە و هیچ سەرچاوە و کتێبێك ناخوێننەوە، تەنیــا بە دوای مۆدێلــدا دەگەڕێن. زۆرجار دەبینین کچێك جلێکی لوا مۆدێلی لەبەردایە و مەعریفەشی ســفرە، بۆیە پێویستە کچان ئەوەندە بایەخ بە مۆدێل نەدەن زیاتر بایەخ بە ناخی شتەکان بدەن». وتیشی :کچی ئێستا هاورێی خوێندنــەوە نییە، چونکە زۆرێك لە کتێبەکان بە زمانێکی قورس یا زۆر سەقەت و تێکشــکاو نووســراون کە هەموو کەسێك لێیان تێناگات، هەروەهــا تەلەفزیۆنەکانیش هۆکارێکــی نــەرێ و ســلبیترن لەوەی کە کچــان کتێب بخوێننەوە و خۆیان رۆشــنبیر بکەن، چونکە ئەوەندە فیلمی کات کووشــتن و گــۆرانــی بێماناو نەشــیاو پەخش دەکەن، ئەوەندە بەرنامەی بەسوود بۆ گەنجان پەخش ناکەن».

لە کۆتاییدا ئاشــتی هــەژار-ی لاویش وتــی: توانای گەنج لــە خوێندن و خوێندنەوە و نووســین و ئاستی رۆشــنبیری تا ئێستا لــە ولاتی ئێمە مایەی دلخۆشــی و ئومێد نییە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆچەندان هۆکار و وەسیلە کە رێگەی تری لە بەردەم گەنج داناوە، وایکردووە گەنج کەمتر ئاشــنای خوێندن و خوێندنەوە بێت، یەکێك لەوانە دروست نەبوونی ژینگەیەکــی وەهــا لەماڵەوە، کــەوا بکات پێش تەمەنی گەنجاتــی واتا لە منداڵییەوە ئاشــنای خوێندنەوە بکرێت بەپێی تەمەنی. بەداخەوە لە ولاتی ئێمــە رێژیەکی زۆرکەم خێــزان توانیویانە ئەو ژینگەیە ئامادە بکەن، هەرچەندە تەواو لەئاستی پێشکەوتوشدا نین. نەبوونی هاندەرێك کە یارمەتی گەنج بدات و پشــتگیری بکات و ئاشنای خوێندنەوەی بکات، جا چ لە خێزان و چ لە دەرەوەی خێزان بێ». وتیشی «کۆلێژەکانمان کە مەڵبەندی رۆشــنبیرین، هیچ شــتێکی وا بۆ هاندانی قوتابــی بۆ خوێنەوە و دانانی کاتی دیارکراو بــۆ یارمەتیدانی قوتابی بــۆ خوێندنەوە چ لە مەنهــەج چ لەلایــەن مامۆســتاکان و پرۆ فیسۆرەکان نابینرێ. زانکۆکانمان شوێنێك نین کە گەنج تیایدا تەواو کاملاً و رۆشــنبیر بێ. یەکێکــی تر لە هۆکارەکان بەکارهێنانی بێسەروبەرانەی تەکنۆلۆژیای وەك کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و....تاد کە جیهانێکی بێســەر و بــەری بێبەرنامە و ناکۆتاییــان لەژیانی زۆربــەی گەنجەکانمان دروســتکردووە، کە زۆربــەی کاتەکانی لەگەڵ ئــەم ئامێرانە بەفیــرۆ دەروات، کــە وادەکات دەرفەتــی خوێندنەوەی لێ تەسك بکاتەوە. بەڵام ناشبێ ئەمە بەســەر هەموو گەنجاندا بگشــتێنین، چونکە گەنجیشــمان هەیە خاوەن توانایەکی زۆرە و زۆریش بەهرەدارە، بەڵام پشــتگیری نەکراوە. گەنجیشــمان هەیە لە خوێندنەکەی دەســترەنگین و زیرەکە و خاوەن بروانامەی بــەرزە. بەڵام دیــارە رەخنەکەشــمان ئەوانە دەگرێتەوە کە رێز لــە کاتی خۆیان ناگرن و ئەو وەختە زێرنەیان بە شتی پڕ و پوچی وەك چات و لاسایی کردنەوەی مۆدێلات و شتی روالەتی بەفیرۆ دەدەن.



غازی حەسەن



د.مەسعود حوسێن



ئاشتی هەژار




بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com